# ڕێنمایی پاککردنەوەی کەرەستەکانی ناوماڵ



جوانیی دیکۆر و دانانی کەرەستەی گرانبەها و شیك لە ناوماڵدا، بەتەنیا ئامانجی پسپۆڕانی جوانکاری و دیکۆری ماڵ نییە، بەڵکو پاك و خاوێنییش لەگەڵ دیکۆردا هەنگاوێکی گرنگە، چونکە ئەگەر تەنانەت کەرەستەکان بە جوانترین دیکۆر و شێوازیش دانرابن، بەڵام کە پاك نەبن، جوانییان لە دەست دەدەن، هەندێك کەرەستە و کەلوپەل کە لە ماڵەکەتدا هەن، بەردەوام پێویستیان بە خاوێنکردنەوە هەیە، وەك: ئۆڤن، یان مایکرۆوەیڤ، کاتێك ئۆڤن بەکار دەهێنیت بەهۆی ئەوەی خواردنی تێدا ئامادە دەکرێت، یان بۆ گەرم کردنەوە بەکار دەهێندرێت، هەڵم و چەوریی خواردنەکە دەکەوێتە سەر دوگمە و لێوارەکانی ئۆڤنەکە، بۆیە پاککردنەوەی گرنگە و فەرامۆشی مەکە. پاککردنەوەی ژێر دەستشۆرەکانی نێو ژووری چێشتخانە، کە کاریگەرییان لەسەر ناخۆشکردنی بۆنی ژوورەکە دەبێت و پێویستە زوو زوو پاك بکرێنەوە. ئامێری قاپشۆرین، ئەویش بە پێویستییەکی رۆژانە دادەنرێت و پێویستە هەردەم بۆنخۆش و خاوێن بێت. دەسك و بەشەکانی دەرگا و پەنجەرەکانیش زوو زوو پیس دەبن، بۆیە پێویستە هەفتانە پاك بکرێنەوە. رەفەکانی نێو ئامێری بەفرگر و ساردکەرەوەش ماك دەگرن، بۆیە هەفتەی جارێك پێویستیان بە پاککردنەوە هەیە. گسکی کارەبایی، ئەویش زووزوو پیس دەبێت و پێویستە پاك بکرێتەوە.

# بۆیەکردنی برۆ



مۆدێکی تازەی بواری ماکیاژ و جوانکاری بۆیەکردنی برۆیە، کە زۆربەی خانمان بۆئەوەی رەنگی برۆیان لەگەڵ قژ و روخساریان نزیك بێت، بۆیە، یان رەنگی دەکەن، ئەو کەسانەشی کە رەنگی برۆی خۆیان بە دڵ نییە، پەنا دەبەنە بەر رەنگێکی دیکەی دەستکرد تا برۆکانیانی پێ رەنگ دەکەن. رەنگکردنی برۆ چەندین تێڕوانینی لەسەرە، سەرەتا دەگوترا کە بۆیەکردنی برۆ زیانی هەیە، بەڵام دواتر بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەرکەوت کە پێستی ژێر برۆکان بەهێزن و بە کاریگەریی بۆیە تێك ناچن، هەندێ لە خانمانیش بۆئەوەی برۆیان ئەستوور و پان دەرکەوێت، بۆیەی برۆ بەکار دەهێنن، ئەوەش هەنگاوێکی جوانکاری و درووستە، تەنیا ئەوە نەبێت کە پێویستە بزانیت ئەو جۆرە بۆیەیە کە بەکاری دەهێنیت، لەگەڵ پێستت گونجاوە، یان هەستەوەریی نابێت و کاریگەریی خراپ دروست ناکات؟، بۆ ئەو حاڵەتە پێویستە بۆیەی چاك بەکار بهێنرێت، کە زۆرترین ماوە بمێنێتەوە و رەنگەکەشی تێك نەچێت، بەم شێوەیە بۆیەکردنی برۆ زیانی نییە و لە بواری ماکیاژ و جوانکاریدا مۆدێکی نایابە و لەگەڵ رەنگی قژ و ماکیاژ هاوڕەنگ و هاوشێوە بن.





# خشڵ و ئێکسسواری ڕەنگ سوور بۆ بەستنی قژ

خشڵ و ئێکسسوارەکانی قژ بەستن، هێندە زۆرن کە جیاوازی لە شێوە و مۆدەکانیشیاندا بەدی دەکرێت، بەهۆی زۆریی خشڵەکانەوە لە هەڵبژاردنی بەشێك لەم خشڵانە خانمان دوودڵ دەبن، بەتایبەت لەگەڵ گۆڕانکاری لە وەرزەکاندا کە پێویستە کەرەستەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا بێت، ئەوانەی قژیان درێژە، بۆ بەستنی قژ پێویستیان بە کەرەستی تایبەت دەبێت، ئەوانەشی قژیان کورتە، دەکرێت ئەو خشڵانە وەك کەرەستەی جوانکاری بەکاربهێنن.

لەم وەرزەدا کە بەرەو کۆتایی وەرزی زستان دەچین، گۆڕانکاری لە کەشوهەوادا ڕوو دەدات، ڕۆژانی ساماڵ زیاتر دەبێت و خۆر دەردەکەوێت، بۆیە وەك خانمێك بۆئەوەی پرچت زیاتر ڕازاوە و سەرنجڕاکێش بێت، پێویستت بە جۆرە ئێکسسوارێکی قژبەستن دەبێت، کە لە دوورەوە دەربکەوێت. لە نمایشی (ئێلیسیا و ئۆلیڤیا) تەواوی نمایشکاران بە تەوقە و قوماش و ئێکسسواری قژبەستنی ڕەنگ سوور ستەیجەکانی نمایشیان ڕازاندەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ڕەنگی سوور لە دوورەوە دیارە و کاتێکیش خشڵی ڕەنگ سوور لەسەرت دەدەیت، مۆدێکی سەرنجڕاکێش و شیکی دەبێت.

## خانمە دیکۆریست ماریام شانت:

# گرنگە دیکۆریست هەست و سەل






## ماڵی ئاشقان



(٤٠) ساڵ بەر لە ئێستا لە شاری بومبی لە وڵاتی ڕۆمانیا ماڵی ئاشقان هەبووە، ئەوەش بۆ ئەو کەسانە بووە کە ئاشقن و دەیانەوێت کاتێکی خۆش بەسەر ببەن، ئەو ماڵە بۆ هەموو کەسێکی ئاسایی بووە، وەك پەناگەیەك بۆ ئەوانەی ئاشقی یەکتر و بۆ دیدار جێگە و ماڵیان نییە، بەڵام دوای گڕکانی (فیزۆف)ی ساڵی ١٩٧٩ ئەو ماڵە سووتاوە و ئیدی کەس سەردانی نەکردووە، لە ساڵی ٢٠١٤ بە بڕیارێکی حکومەتی ئەو وڵاتە و لەسەر داوای ئاشقە کۆنەکان، ماڵەکە نۆژەن کراوەتەوە، تا ئەوانەی پێشتر سەردانیان کردووە، دووبارە سەردانی بکەنەوە و یادگارییەکانیان لەوێدا زیندوو بکەنەوە، لە ئێستادا ماڵەکە تەواو نۆژن کراوەتەوە و هەموو ئاشقێك دەتوانێت سەردانی بکات، بەتایبەت ئەوانەی کە لە پێشتر سەردانیان کردووە.

## ئایس کرێمی بەهێز و نەتواوە!





هەرچەندە کەش و هەوا ساردە و کاتی ئایس کرێم خواردن نییە، بەڵام ئەوەی ئەو ئایسکرێمە تورکییە نۆش بکات، دەبێتە جێگەی سەرنج و دووبارە داواکردنی، چونکە ئەو ئایس کرێمە وەك ئایس کرێمی ئاسایی نییە، یەکێك لە سیفەتەکانیشی ئەوەیە کە ناتوێتەوە، ئەو ئایس کرێمە وەك لاستیك وایە و لە هەمان کاتدا نەرمیشە، کاتێك بەر ئاوی دەم دەکەوێت ئینجا دەتوێتەوە، بەڵام بە ئاسایی ناتوانیت پارچەشی بکەیت، تەنیا بە چەقۆ و شتی تیژ نەبێت، ئەو جۆرە ئایس کرێمە لەلایەن بنەماڵەیەکی کۆن کە دانیشتووی شاری کەهرمانن لە شاری مەرعشی تورکیا دروست کراوە و، ئەوان نهێنیی ئەو ئایس کرێمە دەزانن و هەر ئەوانیش دروستی دەکەن، ئەو ئایس کرێمە بە ناوی (ماراش دۆندرما) ناسراوە.

# ...یقه و تەنسیق و خێرایی لە کار و بیرکردنەوەیدا هەبێت

**خانمە دیکۆرێست ماریام شانت، ماوەی چەندین ساڵە خەریکی کاری دیکۆر و دیزاینە، سەدان دیکۆری بۆ شوێنی گشتی و ئاهەنگ و بۆنە و کۆمپانیاکان داناوە، جگە لەو دیکۆرانەشی کە جێگیرن، هەروەها دیزاین و دیکۆری کاتی ئامادە دەکات، لە یەکێکە لە پێشەنگەکانی بواری دیزاین و دیکۆرەکان، چەند پرسێکمان ئاراستە کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان دوا.**

*** تەمەنت چەندە و لە دایکبووی چ شوێنێکیت و بڕوانامەی چیت هەیە؟**

- تەمەنم (٢٠) ساڵە، ئێستا قوتابی بەشی ئەندازیاریی دیزاینم (ئەندازیاری دیکۆر) لە کۆلێژی تیشك، خۆم ئەرمەنیم و بنەماڵەم لە شاری ئەرمەنەوە هاتوون، بەڵام من لە دایکبووی شاری مووسڵم و ئێستاش لە هەولێر دادەنیشم.

*** مەرج و بنچینەکانی دیکۆر، یان دیزاینەر چین و چۆن بیرت کردەوە ئەو کارە بکەیت؟**

- گرنگە دیکۆرێست هەست و سەلیقە و هونەری تەنسیق و خێرایی لە کار و بیرکردنەوەدا هەبێت، پەیوەندیی گشتیی بەهێز بێت و کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی بێت و بتوانێت شتەکان کۆنترۆڵ بکات، پسپۆڕی گرنگە، بەڵم لەو بوارەدا کاری دەستکرد لە بڕوانامە گرنگترە، دەبێت کەسێکی سەربەخۆ بێت و زۆربەی کاتەکانی بەو کارەوە خەریك بکات و گرنگیی تەواوی پێ بدات.

*** لە چ پڕۆژە و کارێکدا بەشداریت کردووە؟**

- دیکۆری گشتی وەك دیکۆر ماڵ و نووسینگە و هۆتێل و بەردەم باڵەخانەکان و شوێنە گشتییەکان، لە هەموو ئەو بوارانە کارم کردووە، هەروەها لە پیشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر ساڵی ٢٠١٧ کاری نمایشی کۆمپانیاکانم کردووە، چەندین هۆتێل و باڵەخانەی کۆمپانیام دیزاین کردووە، جگە لەوانەش دیکۆری سەدان ئاهەنگی هاوسەرگیریم داناوە لە هەموو شارەکانی کوردستان، وەك هەولێر و دهۆك و کەرکووك.

*** ئایا بیرۆکەی دیزاین و دیکۆر لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات خواستی لەسەرە و سەرکەتوو دەبێت؟**

- کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات ساڵ بە ساڵ پێش دەکەوێت، پێشکەوتنی بەرچاویش لە بواری دیکۆر و دیزایندا بەدی دەکرێت، چونکە بوارێکی گەورە و کراوەیە، بە خێرایی تەشەنەی کردووە، بۆیە لەگەڵ جیاوازی لە بیرۆکەدا جێگەی قبوڵی رای گشتییە.

*** سیفاتەکانی دیکۆریست، یان دیزاینەر چین؟**

- بە رای من، پێویستە دیکۆریست ئارام بگرێت، رای کەسانی دیکە وەربگرێت، تەنانەت لە کاتی هەڵەکردنیشدا پێویستە ڕێز لە هەست و بیرۆکەی کەسانی دیکە وەربگرێت و جێگەی متمانە بێت، هێزی کۆنترۆڵکردنی بەهرەکانی هەبێت و زیرەك و لێهاتوو بێت، کاتی هەبێت، پاك و خاوێن بێت، تا موشتەری کارەکەیان بە دڵ بێت.

*** ئایا بە کەرستەی خۆماڵی و دەستکردی خۆمانە کادەکەیت؟ یان کار بە کەرستەی بیانیش دەکەن؟**

- بەهۆی ئەوەی لە ئێستادا لە کوردستان هەموو کەرستەیەك هەیە، لە دیکۆرەکاندا زیاتر کەرستەی خۆماڵی بەکار دەهێنم، وەك دار و ئاسن و شووشە، هەندێ جاریش کەرستەی دەرەوە و هاوردە بەکاردەهێنم.

*** ئەگەر کاری دیزاین و دیکۆریستت نەکردایە، لە چ بوارێکی دیکەدا سەرکەوتوو دەبووی؟**

- لە تەمەنی (١٠) ساڵییەوە حەزم بەو کارە بووە، لە تەمەنی (١٥) ساڵییەوە دەستم بەو کارە کردووە و تاکە بوارە کە حەزی پێ دەکەم، بڕوا ناکەم بواری دیکەم بەدڵ بێت، جگە لە کاری دیکۆر، تەنیا ئاواتم ئەوەیە بڕوانامە لەو بوارەشدا بەدەست بهێنم.


*** ئایا تا ئێستا بووە کە لەکاتی دانانی دیکۆردا، لەگەڵ موشتەری دوچاری کێشە و گرفت ببیتەوە؟**

- لە سەرەتای دەستبەکاربوونم لەو بوارەدا، دوچاری زۆر کێشە هاتم، بەڵام لەگەڵ شارەزابوونم و شارەزایی لە کار و مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك، ئێستا کێشەکان بە دەگمەن ڕوودەدەن، منیش دەمەوێت موشتەرییەکان دوای دیکۆردانان لێم ڕازی بن، چونکە هەست و خواستی خەڵك جۆراوجۆرە، بۆیە دەمەوێ بە هەر ڕێگەیەك بێت، لەگەڵ داواکارەکاندا بگەمە ڕێککەوتن، ئینجا بە دووبارە چاککردن بێت، یان گۆڕانکاری لە دیکۆرەکەدا.

*** کێ زیاتر هاندەرت بووە بۆ ئەو کارە؟**


- ئەوەی کە هانی داوم ئەو کارە بکەم، سەرەتا خێزان و دایك و باوکم بوون، کە جێگەی سوپاسگوزاریی منن، ئەوان هەنگاو بە هەنگاو تا ئەمڕۆش لەگەڵمدان، بەپێی کاتیش کەسانێکی زۆر لە هاوڕێیان و مامۆستایان و داواکاران و موشتەرییەکانم هانم دەدەن، هەروەها هەوادارانیشم لە سۆشیال میدیا، هەمیشە دەستخۆشیم لێ دەکەن.







# ڕێکۆردێک لە ڕۆیشتن بەسەر گوریس

ڕۆیشتن بەسەر گوریسدا سەرکێشییەکی ترسناکە و بە هەموو کەسێك ناکرێت، مرۆڤی ئاسایی کاتێك بەشوێنێکی بەرزدا دەڕوات، بە ترس و لەرزەوە ڕێگاکە دەبڕێت، نەخاسمە ئەگەر لەسەر گوریسێکی باریکیش بێت، ئەو پیاوە ناوی بلایك والیندایە و لە منداڵییەوە لەسەر گوریس و شوێنی باریك دەڕوات، بە پیاوی فڕین ناسراوە، دواجار لە بەرزایی باڵەخانەیەکی (١٤) نهۆمی توانی لەسەر گوریسێك بە درێژایی (٢٠٠) پێی نێوان دوو هۆتێل ببڕێت، ئەو دوو هۆتێلە دەکەونە ویلایەتی هاوایی ئەمریکا، نمایشی پەڕینەوەکەش لە بەردەم چاوی خەڵك و شوێنێکی ئاشکرا بوو.



## کاریکاتێر

یەکێکە لە کاریکاتێرەکانی سەردەم، باس لە ڕەوشی ئابووریی جیهان دەکات، کە هەندێ کەس و لایەن کە خەریکی بواری ئابوورین و پشکەکانی جیهانیان بە دەستە، هەر ئەوانیش بەرپرسن لە بەرز و نزمی و هەڵسان و داکشانی نرخ و پشك و ئابووریی جیهان.



## بیرکردنەوە و فەلسەفە



گەڕان بە دوای فیکری ئازاد

فەیلەسوفی بەریتانی (جۆن ستیوارت میل) دەڵێت: «ئەگەر خەڵك بینانزانبیایە ڕەهاکردنی ئازادی بۆ گەشەکردنی کەسایەتی یەکێکە لە روکنە جەوهەرییەکانی چاکبوونی گوزەران، یان بینانزانیبایە گەشەکردنی کەسێتی بەم شێوەیە توخمێکی هاوتای هەموو ئەو شتانەیە کە پێیان دەوترێت (شارستانێت و مەدەنییەت و پەروەردە و گۆشکردن) و مەرجێکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەو شتانە و بەشێکی جیانەکراوەیە لەو مانایانە، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە بەهای ئازادییان کەم نەدەکردەوە و ئێمەش زەحمەتێکی زۆرمان لە دیاریکردنی سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئازادیی تاك و دەسەڵاتی کۆمەڵگە نەدەبینی، بەڵام حاڵەکە لەوە نالەبارترە، چونکە زۆر بەدەگمەن دان بەوەدا دەنێن کە سەربەخۆیی کەسێتی خۆی لە خۆیدا و بێ گوێدانە هیچ شتێکی دی، بەهایەکی جەوهەرییە، سەیریش نییە ئەو خەڵکە خۆیان ئەم بارودۆخەیان هێناوەتە ئاراوە، چونکە ئەوان ناتوانن ئەندێشەی بکەن، چۆن بارودۆخە بۆ هەموو خەڵکی وەك یەك لەبار نییە».



## نوکتە

جارێك شێتێك لەسەر بیرێك دانیشتبوو لە خۆیەوە دەیگوت: (١٢-١٢-١٢)، کەسێکیش بەلایدا تێپەڕ دەبێت و سەرنجی دەدات، هاوکات دەچێتە لای شێتەکە و دەڵێ: ئەوە واتای چییە، هەر ١٢ دووبارە دەکەیتەوە؟ شێتەکەش پاڵێکی پێوە دەنێت و دەیخاتە ناو بیرەکە، ئینجا لەبەر خۆیە دەست دەکاتەوە بە ژماردن و دەڵێ: ١٣-١٣-١٣.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

پێویستە سەرەتایەکی تازە لە ژیانت دەست پێ بکەیت، لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت زۆر بە نەرمی هەڵسوکەوت مەکە، کەسانێك کێشەت بۆ دروست دەکەن، تۆش مەهێڵە بۆیان بچێتە سەر، کارەکانت لەم ماوەیەدا ئەنجامیان دەبێت، بۆیە هەوڵبدە بڕیاری دروست بدەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کاریگەریی باشت لەسەر کەسانی دیکە هەیە، ئەو کەسانەی هاوکاریت کردبوون لەم ماوەیەدا پاداشتت دەکەنەوە، بێزاری و دڵتەنگی ماوەیەکە ئەزیەتت دەدەن، بەڵام نابێت بڕووخێیت، گرنگی بە کارەکانت بدە، لە گەڵ ئەو کەسەدا بە کە لەگەڵت هاوڕا و هاوهەڵوێستە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

کاتێك کەسێکی نزیکت گومانت بۆ دروست بکات، هەست بە نیگەرانی دەکەی، هەندێ لە هەوڵەکانت بە شوێنی خۆیان ناگەن و ناگەیتە ئەنجام، کە ڕووداوەکان لە دوورەوە دەبینیت، هەستێکی بەهێزت هەیە، لە دواجاردا دەگەیتە ئەنجامی ئەو هەنگاوەی ماوەیەکە پێوەی سەرقاڵیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

نیگەرانیت پێوە دیارە لەگەڵ ئەو کێشانەی لەم ماوەیەدا ڕوویانداوە، هەرچەندە هیچیان هەڵەی تۆ نەبوون و کەسێکی دیکە بە تۆی کردووە، دەبێ زیرەکانە بڕیار لەسەر ژیانت بدەیت و خۆت نەخەیتە نێو گرفتی کەسانی دیکە، کەسێکی نەرم و نیانی، ڕای کەسانی دیکەش وەربگرە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەندێ کێشە بەرۆکیان گرتووی و ناتوانیت بە ئاسانی لێیان دەرباز ببیت، بۆ ماوەیەك خۆت لە کەسانێك بە دوور بگرە، تا لە هەواڵت بپرسن، پێویستت بە دووبارە ڕێکخستنەوەی ژیانی تایبەتیت هەیە، ناکرێت کێشەکانت بەلاوە بنێیت و خۆت بە کاری سادەوە خەریك بکەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەم ماوەیەدا بەتەمای زۆر شتیت، کە هەندێکیان ئەستەمە بۆت ببێت، لە بواری کاردا بێزاریت پێوە دیارە، لە ئەرکێکی سەختدا لەگەڵ کەسێك مامەڵە دەکەیت، کە ئەویش دەیەوێت لێت نزیك ببێتەوە، زیاتر پشت بە خۆت ببەستە و کارەکانت فەرامۆش مەکە و بە باشی جێبەجێیان بکە.

# پیاوی ئایینی و ئارایشکاری ماکیاژ




ناچێتە ئەقڵەوە کە کەسانی ئایینی و پیاوانی پیرۆز کاری جوانکاری و ماکیاژ بکەن، چونکە دوو شتی دژە یەکن و ئەستەمە روو بدات، پیاوێکی ئایینی بوزییەکان ئەو ڕێچکەیەی شکاندووە و جگە لەوەی کاری خۆی وەك پیاوی رۆحیی بوزییەکان دەکات، هەروەها دەستێکی باڵای لە ماکیاژ و ئارایشی ئافرەتاندا هەیە، ئەو پیاوە ناوی (کۆدو نیشیمۆرا)یە و لەدایکبووی ژاپۆنە، لە باوك و دایکێکی بوروزی هاتۆتە دنیاوە، ئێستا ئەو ڕێچکەیەی خۆی تێپەڕاندووە کە پیاوی ئایینییە و پسپۆڕییەکی تەواوی لە کاری ماکیاژی ئافرەتاندا هەیە، تەنانەت لە نمایشەکانی شاجوانی وڵاتانی جیهانیشدا ماکیاژ بۆ شاجوانەکان دەکات.

## پوختەی فیلم



**تینێت – TENET**

فیلمێکی ئەکشن و ترایلەرە، لەلایەن گەورە نووسەر (کریستۆڤەر نۆلان) نووسراوە، فیلمێکە باس لە گرووپێك دەکات، کە بە دوای چەند کەسێکەوەن کە کێشە بۆ ئاسایشی جیهان دروست دەکەن، دواتر دەیاندۆزنەوە، فیلمەکە لە هۆنگ کۆنگ کاری بۆ کراوە، لە سیستەمی ٧٠ ملم وێنەی گیراوە و لە دەرهێنانی (کریستۆڤەر نۆلان)ە و بودجەی فیلمەکە ٢٠٥ ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (رۆبێرت پاتیسۆن، جۆن دەیڤید و ئەلیزابیت دیبکی و دیمپلی کاپادیا)یە.



## پەند و وتە

جۆن مارشاڵ سیاسەتوان و پارێزەری ئەمریکی، لە ساڵی ١٧٥٥ لە ڤیرجینیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٣٥ لە پەنسلڤانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی دەسەڵات و حکومەت دەڵێ: «دەسەڵات و حکومەتی نموونەیی ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی قانوونی و دەزگایی بێت، نەك حکومەتی پیاوان و کەسایەتییەکان.



## فێڵکاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك لە شوێنێك دانیشتووە بەردەمی وەك تونێل وایە، وێنەکە بە فێڵکاری گیراوە، تۆش هەوڵبدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا راست و دروستیی وێنەکە بزانیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەرەنگاری کێشەکانت ببەرەوە و خۆت بە لاواز پیشان مەدە، بەخت یاوەرت دەبێت، ماوەیەکە هەست بە بێزاری و کێشە و گرفت دەکەیت، بەڵام ئەم ماوەیە بەخت یاوەرت دەبێت و بەرەو باشی دەچیت، بەرژەوەندیی خۆت بە کەس مەدە، ژیرانە کێشەکانت چارەسەر بکە و لە هەوڵدان بەردەوام بە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕێگەیەکی راست و دروستت گرتۆتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت، رابردوو لە بیر بکە و لەگەڵ داهاتوودا هەنگاو بنێ، بڕیارێك مەدە کە ببێتە مایەی بێزاریت، لەگەڵ کەسانی دەورووبەرت بە نەرمی هەڵسوکەوت بکە، چونکە ئەوان بەرژەوەندیی تۆیان دەوێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەست بە بێ ئومێدی مەکە، چەندین پلانت هەیە بۆ ئەوەی کارەکانت جێبەجێ بکەیت، ئەگەر هەستت کرد کارێك دژی بەرژەوەندیتە، کاری لەسەر مەکە و وازی لێ بهێنە، ژیانت ڕێکبخەرەوە و لەگەڵ کەسانێك مامەڵە بکە کە بتوانن یارمەتیت بدەن، بڕیاری بەپەلە مەدە بۆ کارەکانت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

سوود لەو چانسانە وەربگرە کە بۆت ڕێك دەکەون، جێگەی گرنگی پێدانی کەسانی دیکەیت و بە پەلە هەنگاوەکانت جێبەجێ مەکە، چونکە کاری پەلە ئەنجامی هەڵەی دەبێت، کاتێك هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، هەولبدە سەردانی کەسانی دڵسۆز و خەمخۆرت بکەیت، تا لە ئازارەکانت کەم بکەنەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەگەر بە دوای گەیشتنیت بە ئامانجەکانتەوەیت، پێویستە لە ئێستاوە کارەکانت بە باشی جێبەجێ بکەیت، نابێت هەنگاوی هەڵە هەڵبگریت و چاوەڕێی سەرکەوتنیش بیت، لە چارەسەردنی کێشەکانت لەگەڵ کەسێك پەلە بکە و باش مامەڵەشی لەگەڵدا بکە، تا بەیەکەوە بە ئامانجەکان دەگەن.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەنجامی چاوەڕونەکراو بەڕێوەیە، کە ڕەنگە هەموو ژیانت بگۆڕێت، کەسێکی نزیکت کاری باشت بۆ دەکات و تۆش ناتەوێت لەگەڵی بیت، بۆیە گرنگی پێ بدە و فەرامۆشی مەکە، ماوەیەکە بیرۆکەی جوانت بۆ دێت تا بە هەوڵەکانت بگەیت، پێویست ناکات خەم بخۆیت، ئارام بگرە.